# جەنگی دژە تیرۆر و چەند پەیڤێك

محەمەدی مشیر



دوابەدوای رووداوە تیرۆریستییەکەی 11 سێپتامبەری 2001 ی نیۆیۆرك، تیرۆر بوو بە دیاردەیەکی جیهانی و لە بەرامبەریشدا سەرتاسەری ولاّتانی جیهان بۆ پێشگرتن لە تەشەنەکردنی ئەم دیاردە ڤێزەوەن و دژە مرۆڤایەتییە کەوتنە خۆ سازدان و لە پێش هەمووشیاندا ئەمریکا جەنگی دژە تیرۆری راگەیاند. ئەمەش سەرەتای بە جیهانیبوونی ئەو جەنگە بوو کە کاریگەری گرنگی خستە سەر شێواز و جۆری پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ولاّتان و هاوکات ستراتیژی جەنگەکانیش لە سەر ئاستی نێودەولّەتیدا گۆرانیان بە خۆوە بینی. ئەگەر جاران ئەمریکا لە سەنگەری داکۆکی لە خۆکردندا بەرەی دژە تیرۆری لە نێو ولاّتەکەیدا سازکردبوو، ئەوا دوابەدوای رووداوەکەی نیۆیۆرك بەرەی جەنگەکەی گواستەوە گورەپانی نێودەولّەتی و لە دۆخی بەرگریدا کەوتە واری هێرش و هەلّکوتانە سەر ئەو ناوچانەی بە بۆچوونی ئەو بنکەی تیرۆر و تیرۆریستانن. ئەمریکا بەم سیاسەتەی کۆمەلّێك ئامانجی بەدیهێنا، لەوانەش:

یەکەم: جەنگی تیرۆریستان لە جیاتی ئەوەی بەتەنها دژی ئەمریکا بێت، بوو بە جەنگێکی جیهانی و ولاّتانی دیکەی جیهانیشی تێوەگلاّن، کە رەنگە بەر لەو کات ئەوەندەی ئەمریکا هەستیان بە بوونی تیرۆریستان نەکردبێ و هێندەی ئەویش زەرەرمەند نەبووبن، هۆکارەکانی ئەمەش رۆشنن چونکە لە بنەرەتدا تا ئەو کاتەی سوپای سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا مابۆوە، خودی ئەمریکا یەکێك بوو لە ولاّتانەی بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیوانی لەو گرووپە ئیسلامییە توندرەوانە دەکرد تەنها بۆ ئەوەی بەر لە هەلّکشانی کۆمۆنیزم بگرێت.

دووەم: ئەمریکا لە رێگەی ئەم سیاسەتەیەوە توانی بەرەکانی جەنگی دژە تیرۆر لە سنوورەکانی خۆی دووربخاتەوە و بەمەش تا رادەیەك توانی ولاّت و گەلەکەی لە ئاگری شەرەکە دووربکاتەوە.

سێیەم: تەواوی گرووپە تیرۆریستەکانی بەرەو ئەو شوێنانە پەلکێشکرد کە هێزە سەربازییەکانی لەوێدا بوونیان هەیە، بەمەش رێژەی کوشتاری خەلّکی سڤیلی ولاّتەکەی کەمترکردەوە و مقۆمقۆی ناوخۆ و ئاراستەی شەقامی ئەمریکی بەرەو ئەو شوێنانە وەرچەرخاند.

چوارەم: دوابەدوای رووخانی رژێمی سەدام بەرەیەکی تازەی جەنگی دژە تیرۆر لە عێراقدا لە لایەن ئەمریکا کرایەوە و، لە مەشدا چەندین دەولّەتی هاوپەیمان بەشداربوون و شانبەشانی ئەمریکا ئەرکی بەشێکی تێچووەکانی جەنگیان گرتە ئەستۆ کە پێشتر بە تەنها ئەمریکا گرتبوویە ئەستۆ، تەنانەت چەندین ولاّتی خۆرهەلاّتی ناوەراستیش لەم تێچووانەدا بەشداربوون.

ئەمانەی سەرەوە چەند ئامانجێك بوون کە لە رێگە یانەوە ئەمریکا توانی سیاسەتێکی دیکەی نوێ لە بواری نێودەولّەتیدا پیادە بکا. بەلاّم لە گەلّ ئەوەشدا ئەمریکا تا ئێستاش زەرورمەندترین دەولّەتە لە بەرامبەر تیرۆردا و رۆژانە دەیان سەربازی دەبنە قوربانی پەلامار و کردە تیرۆریستەکان. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی وێرای ئەو هەموو هەولّەشیان نەیانتوانیوە دیاردەی تیرۆر لە جیهاندا ریشەکێش کەن. بۆیە پێویستە رێگاچارەی دیکە بگیرێتە بەر بۆ کەمکردنەوە و بنبرکردنی ئەم دیاردە چەپەلّە و رەنگە گونجاو ترین شێوازیش بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی تیرۆر ئەوە بێ کە ریشەکانی سەرهەلّدانی و بوونی بە دیاردە بخرێنە بەر باس و لێکۆلّینەوە و، لە واقعی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسی و سیستەمی پەروەردەیی و فێرکردنی ولاّتاندا پەنجەیان لە سەردابنرێ و گۆرانکاریان تێدا بکرێ بە شێوەیەك نەوەیەکی تازەی دوور لە توندوتیژی بێتەبەرهەم کە بتوانێ مرۆڤایەتی لەم دیاردە ڤێزەوەنانە بە دوور بگرێ و بیپارێزێ. تیرۆرلە مێژووی

کۆنی مرۆڤایەتی و لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا پێشینەی هەبووە، بەڵام ڕەنگە ئەو کات جۆر و رووخسار و قەبارەکەی بەم شێوەی ئێستا نەبووبێ و بە شێوەی ئێستاش مەترسی نەخستبێتە سەر ژیان و ئایندەی گەلان. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیانی مرۆڤایەتی تا هاتووە ئاڵۆزتر و پێچدارتر و پڕ جیاکاری بووە و کێشەکانیشی لە بەرامبەردا زیاتربوون، ئەگەرچی مرۆڤایەتی لەچاو ئەو کاتی دەیان داهێنان و پێشکەوتنی لە بوارەکانی زانست و پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا بەدەست هێنابێ.کەواتە جەنگین لە دژی تیرۆردا، وەك جەنگین لەپێناو ریشەکێشکردنی هەر دیاردەیەکی دیکەی دزێوی کۆمەلایەتی، پێویستە لەوەوە سەرچاوەبگرێ کە کێشەکانی تێکڕای بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی رەچاوبکرێن و هەنگاوی پتەو بەرەو چارەسەرکردنیان هەڵبنرێ و، ریفۆڕمی کۆمەلایەتی تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.لە ئاکامدا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە تەواوی زلهێزەکانی جیهان ناتوانن بەم شێوازە سەقەتەی ئێستایان چارەسەری دیاردەی تیرۆرو هیچ دیاردەیەکی دیکەش بکەن ئەگەر روانین و شێواز و رێگاچارەکانیان نەگۆڕن.